
مرواریيەکانی ڕۆح
هێمن عومەر خۆشناو



# مرواریيەکانی ڕۆح

**مرواربییەکانی ڕۆح**

**نووسینی:** هێمن عومەر خۆشناو
**پیتچنی:** خودی نووسەر
**هەڵەگری:** خودی نووسەر
**نەخشەسازیی بەرگ:** مستەفا ئیحسان
**نەخشەسازیی ناوەوە:** بێدار ئەحمەد

**چاپ:** چاپخانەی (نەشئە)- ئیستەنبوڵ
*Neşe Matbaacılık İstanbul-Türkiye*
+90 212 886 83 30

**یەکەم چاپ**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (778)ی ساڵی (2015)ی پێدراوە.**

کتێبەکانی گۆڤاری (**ئاونگ**)/ ژمارە **5**
هەرێمی کوردستانی عێراق-هەولێر
**ژ. مۆبایل:** 0750 465 38 23
**ئیمەیڵ:** *awngnet@yahoo.com*

**© مافی چاپ**
**گشت مافێکی پارێزراوە. بێ مۆڵەتی نووسراو، کەس مافی بڵاو کردنەوەی تەواو یان بەشێکیی بە هەر جۆرێک (چاپ یان خستنە سەر پێگە ئەلیکترۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ...هتد) نییە. بە ئاماژە پێدانێکی ڕوون پێی، دەکرێ وەک سەرچاوە لە نووسیندا سوودی لێ وەربگیرێ. سەرپێچیکار ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەکرێتەوە.**

# پێشەکی

گەڕانــەوە بــۆ نێــو دەلاقــەکانی ڕۆح، گەڕانەوەیــە بــۆ فیترەت و سرووشتی مــرۆڤ، ئاوڕدانەوەیــە لــە ســادەترین ڕۆح و ئاڵۆزترین پێکهاتەی بوونەوەر لە رووی مامەڵــەکردن لەگەڵ دونیادا، کە لەمێژە زانایان و توێژەرانی ڕۆحناســی و جیهانی ناوەوەی مرۆڤ، سینەیان وەک چەترێک داناوە و لــە نێویــدا قۆناغــەکانی دەســت پێکردنــی ئــەو ڕامانــەیان دیاریکردووە، کە مرۆ لە ڕاهێنانێکی دەروونیی ڕۆحیدا ئــەو پلانە دەبڕێ، کە نە بە چاو دەبیندرێن و نــە بــەر هەســتی دیکە دەکەون، بەڵکو وزەیەکن خۆیان دەئاخننە ناو هەستی شەشەمەوە. لە نێو ئەم پلە و پەیژانەشدا ڕۆحە، کــە لــەم سەردەمەدا وزەی زۆری پێویستە تا ئــاوڕی لێ بدرێتــەوە و لەگەڵ دڵدا هاوسەنگییەک بسازێنێ، بــۆ ئــەوەی دڵــی پــاڵ ڕۆح کاری خۆی بکات و چیتر بە بارێک ژەنگ و ژارەوە ڕوو و ڕووخسارەکان تەڵخ و هەنگاوەکان خوار و خێچ نەکات.

ئــەم نووســراوەی بەردەســتت، ڕامــانن لــە چــەند وێســتگەیەکی نــاخ و ڕۆحــی مــرۆڤ، وردبوونــەوە و قووڵبوونــەوەن لــە چــەند مرواریيــەکی نــاو ڕۆح، کــە لای زۆربەمان، زۆریان لەبیرکراون و تۆزیان لەسەر نیشــتووە و بە ئامــانجی هاتنــە ســەر زاران و بیرخســتنەوەیان باســیان

لێوەکراوە. هەمووشیان بە پچڕ پچڕی و لە کاتی جودادا لە ماوەی سێ ساڵاندا لە شێوەی گۆشەیەکدا لە گۆڤارەکانی (چرای ڕووناکی) و (ئایندەسازی) بە ناوی گۆشەکانی (هەواری هەوری) و (ئەلف) و (ئەو مرواریانەی لەناو دەلاقەی دڵمدا هەڵگیراون) بڵاوکرانەوە.

ئەم بابەتانە بێ زۆر لەخۆکردن هاتوونەتە سەر ڕووپەڕی کاغەز، سادە سادە بە زمانی ڕۆح، بە چێژێکی بێ سنوور، پاڵیان بە قەڵەمەوە ناوە و لە پڕیدا لێیان ڕژاوەو هەندێکیان بە تروسکایی نووری وتەکانی مەولاناو بە بۆنی کتێبی (بصائر من وحی کلمات مولانا جلال الدین الرومی، ماهر سقا أمینی) و ڕێحانی ڕۆحی دیوانی شاعیرانی کورددا گەش بوونەتەوە. بۆیە ئومێدم هەیە خوێنەری بەڕێزیش سادە وەک ڕۆح، لەگەڵیان کارلێک بکا و تێیدا ناخ و ژان و ژواری مرۆ هەست پێ بکات و لەسەر ئاوێنەکانی زمانی ڕۆحەوە بسەنگرێتەوە و تا لەخۆدەبێتەوە بە چێژەوە لە خۆی و دەوروبەری بڕوانێ و بە هەمان چێژی سرووشتی و فیترەتەوە، تا ڕۆحی لەبەردەمێنێ ناسک ناسک لە دونیا و لە بنیادەمان بڕوانێ.

ئیدی ئەوە ئێوە و ئەوەش دەنکە مرواریەکانی ڕۆح!

هێمن. ع. خ
2015/11/2



# قولابی ڕۆح

ماسیگرەکان کاتێ دەیانەوێ بە قولاب ماسییان بگرن، ئەوەیان بڕاندۆتەوە کە دەبێ زۆر بە هێواشی قولابەکە لە دەمی ماسیەکە ڕابچێ و هێدی هێدی تا لاوازی دەکەن، ئەنجا کەم کەم هەڵیکێشن. کە قولابی عیشقیش لە گەرووی مرۆڤ ڕادەچێ، سەرەتای چوونە ناو دونیایەکی ترە و لەدایکبوونەوەیەکی تازە دێتەکایەوە، بە جۆرێک عاشق (خالق)، دەیەوێ بە هێواشی ئەو مەعشووق (مرۆڤ)ە بۆ لای خۆی کەمەندکێش بکا و لە هەموو حاڵەتەکانی تەپ و تۆزی خۆڵ و تەپەحۆلی قوڕ و خوێنی پیس دایبماڵێ و وردە وردە هەڵیکێشێتەوە و بەرەو بەرزی بیبات.

مەولانا وەها تاڵەکانی ئەم وێنەیەی سەرەوەی چنیوە، کە ئیدی مرۆڤ ئەگەر ڕاست دەکات هەڵوەدای عیشقی ڕاستەقینەیە، دەبێ درِك و داڵ و چڵك و چاڵی تاوان و خۆڵ و

زبلـی زمـان و قـوڕ و لیتـەی مرۆڤێکـی دونیـایی لـە خۆیـدا دابماڵێو بە ئەوینەوە بەرەو ئەو قولابە بچێ، کـە سـەرەتای خۆکردنە قوربانی و بەرەو مـەرگ چـوونە، چـونکە دونیـا بـە چاویلکە مادییەکە لێی بڕواندرێ، هێندەی گەردوونێك قـوڕس و قەبەیە، کەچی بـە چـاوی دڵ لێـی ڕامێنـی سـووك سـووك، هێندەی باڵی مێشوولەیەکیش قوڕسـایی نییـە، بۆیـە ئـەوەی بیەوێت بە دڵ بیربکاتەوە نەك بە چاو، دەبێ لە پێشدا خـۆی لە هەموو قورساییە مادییەکانی ژیان دابماڵێ و سەرەتا وەکو منداڵێك تـەنی جەسـتە بخاتـە جـرت و فـرت و سـووك سـووك ئەوەی بیهەوێت پێیدا هەڵبشاخێ و چەشنی تریسکایی ئاگر، هەر کوێی ویست لێی ببێتـە میـوان، بـە تایبـەت کامـە جێگـا دڕك و داڵە، لەوێـدا بسـەنگرێتەوە و هەسـت بـە ئـازاری بنـی پێیەکانی نەکات و بە پێخواسی لەگەڵ زەویدا شەڕی بـێ، تـا بخارێ، بسوێ، بڕووشێ، ببێتە برین، بەڵکو لە داهـاتوو هـەر زوو باوەش بە قولابی مەزنەوە بکا.

ئەگـەر بمانـەوێ ڕۆحییانـە بـژین، بـەرەو بـەرزی بفـڕین و ئاسمان پێشوازیمان لێ بکات، دەبێ هەرچی زووە خۆمان لـە قـــولابی ڕۆح ڕابێـــنین، ئـــەم ڕاهاتنـــەش پێویســـتی بـــە ئارامگرییەکی لە ڕادەبەدەر هەیە، بۆ ئەوەی لەو تەنکاوانـەدا مەلە بکەین و بەرەو قووڵایی بڕۆین، تا هەرچی پیسـی هەیـە لـە خۆمـانی دابتـەکێنین و زوو زووش بـە نیگایـەك، خۆمـان نیشانی ئەو ڕاوچییە بدەین، کە لە چاوەڕوانی لیقایەکە و بـە شەرمەوە بەرەو خۆدانە بەر سێدارەی قولابەکە بچین.

ئـەمڕۆ لـە هـەموو کـات مرۆڤایـەتی پێویسـتی بـەو بەرزبوونەوە مەعنەوییە هەیە، بۆ ئەوەی لە قوڵایی دەریاکان

بێینه دەرەوەو جوان جوان ئەو بەرگە قوڕینە لە خۆمان دابتەکێنین‌و جارێکی دیکە لەدایك ببینەوە، لەدایك بوونەوەیەك کە نەمری بەدوا دێت و بۆ تا هەتا، هەموو ئەو خوێن و خیزاوکەی، کە ساڵەهای ساڵ بوو لەشی قوڕس کردبووین، لەگەڵ یەکەم ماچی نێوان قولاب و قورگ دا، دەرکی بەر دەبیّ و زان و لەدایك بوونەکە ڕوودەدات.

ئەوەی هەرە گرنگە ئەوەیە، ئێمە نێچیرێك بین، هەر بە نەسیمی خۆشەویستییەوە بەرەو پیری ڕاوکردن بچین و هێشتا بانگ نەکراوین، بەڵام لە ڕۆحەوە ساز و ئامادە بین و هەر بە نیگایەکەوە ختووکە بدرێین و هەستمان دنەمان بدات و هەر بە غار سەحرا و مەیدانی ڕاوکردن تەی بکەین و چەشنی (مەحوی) بە ئیمایەك ڕۆحمان بکەینە بەردەباز و تەختەبەندی ئەو ڕێگایە:

**بۆ صەیدی (مەحوی) ئەو موژە ئیمایەکا بەسە**
**سەحرایی ئولفەتە کە لە نێچیری ڕەم حەرام**

بۆیە ئەم کردەیە بە لای خەڵکی ئاسایی شێت بوونێکە، لە ڕاستیشدا دوندی عەقڵ و ئەوپەڕی عیشقە، کە وەك ماسی لە قووڵایی دەریا بین و وەك نێچیر لە کەژ و کێو و بەندەن و باسك و تەلانان بین، هەر نێچیری ئەو قولابە ڕۆحییەین، کە دووبارە دەمانژیێنێتەوە و خوێنی لەدایکبوونەوەیەکی ترمان لێ دەڕسکێنیّ، ئەوسا مەحوی ئاسا دەڵێینەوە:

**لە ڕەشکی صەیدی فیتراکی چ شیرین شەهسەوارێکە**
**کە (مەحوی) هەر وەکوو دێوانە، عەنقا کەوتە شاخ و داخ**

# ناوئاخن


| | |
|---|---|
| قولابی ڕۆح | 7 |
| نان و ڕۆح | 10 |
| گۆزە و شەڕاب | 13 |
| ئەمەل و عەمەل | 16 |
| کەعبەی مەعشووق | 19 |
| گەندە عیشق | 23 |
| مەرتەبەی گریان | 26 |
| سیپارە | 29 |
| قەسرین | 33 |
| مرواریيەکانی شڵماشی | 36 |
| کەبار | 40 |
| بوخچەی کتێبان | 44 |
| ڕووچووی ڕۆح | 48 |
| داریٚ بە کەچە پەڕۆیان | 52 |
| سەگ وەڕی و کاروان تێپەڕی | 56 |
| مەحەببەت بۆ لاف و گەزاف | 58 |
| میحنەتخانە | 61 |
| ئەدەبی قوڕب | 64 |
| لەم ولاٚتە هەموو شتێک زۆر، بەنی ئادەم کەم! | 67 |
| الانسان حیوان ناطق | 70 |
| مەڕبوون | 73 |
| لیٚ گۆڕان، دەردی لە هەموو دەردان گرانتر! | 76 |
| ڕووەکان دەچنەوە ڕووگە | 79 |
| مرۆڤ لە نێوان خۆڵ و ئاودا | 82 |
| با بە چاوی ئەویندارانەوە بڕوانین | 85 |
| بۆنی کتێبە پەڕ زەردەکان | 88 |
| بمرن پێش ئەوەی بمرن! | 91 |
| ئاویش تینوو دەبیٚ! | 94 |
| مرۆڤـ، کەرێک بە باڵی فریشتان | 97 |
| ژن و ئەدەبیات | 100 |
| ژن بابەتە یان دەقی شیعری؟! | 103 |
| ئەریٚ دایکە حەوا تاوانبارە؟ | 106 |
| بەهار و چش | 109 |
| ئای ئەسپاردەی خوای بن! | 112 |
| فەرهەنگۆک | 116 |